# پرۆژە بڕیار

پشت بە حوکمەکانی بڕگەی (١) لە ماددەی (٥٦)ی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو و ماددەی (٦)ی پێڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتیمانیی کوردستان – عێراق، لەسەر ئەوەی ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان – عێراق خستوویانەتەڕوو، پەرلەمان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە ( )ی رۆژی / /٢٠١٨، بڕیاری دەرچوواندنی ئەم بڕیارەی دا:

وادیارە زنجیرەی تاوانی رێکخراو دەرهەق بە گەلی کورد بەرۆکی کوردو کوردستان بەرنادات، ئەو نیشتیمانەی بەدرێژایی مێژووی دوورو درێژدا چەندین مەینەت و نەهامەتی چەشتووە، ئەو برینانەی تا ئێستا سارێژ نەبوون لە تاوانەکانی جینۆساید لە هەشتاکانی سەدەی رابردوو لەسەر دەستی حکومەتی عێراقی تاوەکو لە رێکەوتی ٢٠١٤/٨/٣ هێزەکانی شەڕانگێزی و تاریکایی کە بریتی بوون لە باندەکانی داعشی تیرۆریست هەڵسان بە دووبارە کردنەوەی ئەو زنجیرەیە دەرهەق بە کوردە ئێزیدییەکان و هێرشیان کردە سەر شاری شەنگالی ئارام لەهەموو رێگەو ئاراستەیەك بۆ ئەوەی قێزەوەنترین وێنەکانی کوشتنی بە کۆمەڵ و داپلۆسین و چەوساندنەوەو پاکتاوکردنی نەتەوەیی و ئایینی و خاپوور کردنی گوندەکان و راگواستنی زۆرەملێ ئەنجام بدەن و بەردەوامیشن لە ئەنجامدانی، ئەمە سەرباری پرۆسەکانی دەستدرێژی و رفاندن دەرهەق بە تاکەکانی ئەو پێکهاتە رەسەنە لە پێکهاتەکانی گەلی کورد، لێرەشدا تاوانێکیان تۆمار کرد کە سەرجەم کۆڵەگەکانی تاوانەکانی جینۆسایدو تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی کۆکردۆتەوە لەبەرچاوو لەبەرگوێی جیهان کە هەڵسان وەك پشتیوانی لەگەڵ هێزی پێشمەرگە بۆ بەهاناچوونی ئەم پێکهاتە لێقەوماوەو دەرئەنجام پاککردنەوەی شاری شەنگال بە گوندو شارۆچکەکانی لە پاشەڵی ئەم باندانە. پەرلەمانی کوردستان بەرامبەر گشت ئەم تاوانانەو بە حوکمی بەرپرسێتیی دەستووری و یاسایی و سیاسی و بۆ مسۆگەرکردنی دووبارە نەبوونەوەی ئەم تاوانانەی باسکراون و تاوەکو لە بیرەوەری نەوەکانی داهاتوودا بمێنێتەوە، ئەمەی خوارەوە بڕیار دەدات:

**ماددەی یەکەم:**

لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی دەستووری عێراقی ئاماژەی پێکردووە لە پێشەوەشیدا کە ئەم دەستوورە ڕەنگدانەوەو دەنگدانەوەی ئازارەکانی گەلی عێراقیە لەوانەش ئازارەکانی ئەو داپڵۆسینەی کوردە ئێزیدییەکان لە شاری شەنگال بە سەرجەم گوندو شارۆچکەکانی لەسەر دەستی باندەکانی داعشی تیرۆریست لە ڕێکەوتی ۲۰۱۸/۸/۳ تاوەکو ئێستا دووچار هاتوون لە پرۆسەکانی کوشتنی بەکۆمەڵ و دەستدرێژی و کۆیلەکردن و بازرگانی پێکردن و ڕفاندن و ڕاگواستن سەرباری خاپوورکردنی سەدان گوندیان، پەرلەمانی کوردستان – عێراق بڕیار دەدات ئەو تاوانانەی کوردە ئێزیدییەکان لەم ناوچانە دووچاری هاتوون بەهەموو پێوەرێك تاوانی جینۆسایدو تاوانی دژ بە مرۆڤایەتین.

**ماددەی دووەم:**

دانانی ڕۆژی سێی ئابی هەموو ساڵێك بە ڕۆژی ماتەمینی لە هەرێم.

**ماددەی سێیەم:**

حکومەتی هەرێمی کوردستان بەمانەی خوارەوە پابەند دەبێت:

١. داواکردن لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کە دانبنێت بەو تاوانانەی دەرهەق بە کوردە ئێزیدییەکان ئەنجامدراون وەك تاوانی جینۆسایدو تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی.

٢. هەوڵدان لای حکومەتی ئیتیحادی و لایەنە نێودەوڵەتییەکان لەپێناو دەستکەوتنی قەرەبوویەکی باش بۆ قوربانیانی ئەم تاوانانەو چارەسەرکردنی دەربازبووان و بە زووترین کات دووبارە ئاوەدانکردنەوەی ئەو گوندو شارۆچکانەی باندەکانی داعشی تیرۆریست لە شاری شەنگال خاپووری کردوون.

٣. کارکردن لەسەر بەدۆکیۆمێنتکردنی تاوانەکانی داعش دەرهەق بە کوردە ئێزیدییەکان لە ناوەندی تایبەت بە دۆکیومێنتکردنی تاوانەکانی جینۆسایدو تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی لە هەرێم.

—

٤. کارکردن لەسەر پاڵنان بە حکومەتی ئیتیحادی بۆ ئەوەی عێراق ببێتە ئەندام لە پێڕەوی ڕۆمای دادگای تاوانکاریی نێودەوڵەتییەوە.

**ماددەی چوارەم:**

پێویستە لەسەر حکومەتی هەرێم هەماهەنگی بکات لەگەڵ حکومەتی ئیتیحادی لەپێناو داواکردن لە دادگای تاوانکاریی نێودەوڵەتی لە لاهای بۆ ئەوەی تایبەتمەندیی کاتیی قەبوڵ بکات لەپێناو دادگایی کردنی گەورە ئەندامانی داعش و ئەو لایەنانەی دیکە کە بەهەر شێوەیەك بێت بەشداربوون لەگەڵیاندا لەبەردەم ئەم دادگایە لە بڕی ئەو تاوانانەی دەرهەق بە کوردە ئێزیدییەکان ئەنجامیان داوە. یان داواکردن لە نەتەوە یەکگرتووەکان بە پێکهێنانی دادگایەکی تێکەڵ ( نێودەوڵەتی و نیشتیمانی) بۆ هەمان مەبەست.

**ماددەی شەشەم:**

حکومەتی هەرێم بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە نێودەوڵەتییەکان کار دەکات لەسەر ڕێکخستن و دۆکیومێنتکردنی گۆڕە بەکۆمەڵەکانی کوردە ئێزیدییەکان بەپێی ستاندەرە نێودەوڵەتییەکان و پارێزگاریکردن لێیان وەك گەواهیدەرێك لەسەر ئەو تاوانانەی دەرهەقیان ئەنجام دراون.

**ماددەی حەوتەم:**

ئەم بڕیارە بە بڕیارێکی سیاسی دادەنرێت و بە هیچ شێوەیەك لە شێوەکان کاریگەری نابێت لەسەر ئەو ڕێکارە یاساییانەی دژ بە ئەندامانی داعشی تیرۆریست گیراونەتەبەر یان دەگیرێنەبەر، چ لەسەر ئاستی نیشتیمانی بێت یان نێودەوڵەتی.

**ماددەی هەشتەم:**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم بڕیارە جێبەجێ بکات.

_

**ماددەی نۆیەم:**

ئەم بڕیارە لە ڕێکەوتی دەرچوونی جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**هۆیەکانی دەرچوواندن**

لەبەر ئەوەی تاوانەکانی جینۆسایدو تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی بە جۆرەها وێنەو شێوەکانی بە مەترسیدارترین تاوانەکان دادەندرێن لەسەر قەوارەی مرۆڤایەتی لەبەر ئەوەی پاکتاوکردنی نەژادی یان ئایینزایی یان ئایینی لەخۆگرتووە لەگەڵ شکاندنی شکۆمەندی مرۆڤایەتی، و لەبەر ئەوەی ئەنجامدانی ئەو تاوانانەی دژ بە کوردە ئێزیدییەکان بە درێژایی مێژوودا بەبێ لێپرسینەوەو بەرگرکاری (رادع) دووبارە بوونەتەوە، وە لەپێناو دادوەریکردن لەگەڵ ئەم پێکهاتە گرنگە لە کۆمەڵگەی کوردستانی و هێنانەدی داپەروەری و بە مەبەستی ڕێگریکردن لە دووبارە بوونەوەی ئەم تاوانانە لە داهاتوودا، ئەوا ئەم بڕیارە دەرچووێندرا.

ئەم پرۆژەیە ئامادەکراوە لە لایەن ڕاوێژکاران:

پ.ی.د. وعدی سلێمان مزوری و أ. خالـیدە خلیل رشۆ

تێبینی// ئەم پرۆژەیە یەکێکە لەو ڕاسپاردانەی پێشکەشکراون لە لایەن ئەو لیژنەیەی پەرلەمان لەم ڕاوێژکارانەی ناویان لە سەرەوە هاتووە پێکیهێنابوو بە مەبەستی کۆکردنەوەی بەڵگەکان و دۆکیومێنتکردنی تاوانەکانی داعش دژ بە کوردە ئێزیدییەکان.